www.kurdistannet.org

# بازگەی عەشق و تویێکڵە ماچی ووشکە وە بوو

لە پەنای بیابانی غەریبی دا
چاوەڕوانیم هەتا دەهات خەم ڕسکاوتر
جۆگەلە فرمێسکی لە مل دە ئاڵاند و،
بە دیار کەژی تەنیاییەوە
نوێژی گریانی دا دەبەست
وەك بیەوێ خۆشنوودی دەستە مۆ بکا و
کاژی خەمەکان داماڵێ
وەك بیەوێ گردۆڵکەیەك کامەرانی  ماڵی بکا و،
بەر دڕکانەی ئازارێکی سیسەوە بوو
بەرەو فەنا بوونی جەستە ڕابماڵێ
سێبەر بکا بە هێلانە و
پەڵە هەور بە بالیفی حەسرەتەکان.
تەلارێك لە خۆزگە وون بوو،
ئاسمانێکی خۆڵەمێشی بە شان دادا و،
لە پرسەی چڵە نێرگزێ ،
پشت کۆم، پشت کۆم،
بە گۆچانی هەڵکشان و بە لارە لار
ستران لە ئاو هەڵدەکێشێ
وەك بیەوێ ،نەهامەتی تەی بکات و
تۆش مێژووە سنگ کون کونە قژ سپییەکەی خۆت
بە کۆڵەوە هەڵبگری
وەك بخوازی دەم و چاوت بە تەمتومانی
هەراسان تەڕ بکەیت و

www.kurdistannet.org

ماچی لێوی موحیبەت کەی.

پێت دەگووتم ((سانا نیە ماچ و شیعر سەما بکا

گوڵە گەنمی حەسرەت ئەو بەر د ڵنیایی بچنینەوە))

سانا نیە....

هێشوە مێژووت تا د ێت وەکو فەریکە نۆك پێ دەگات و

ئاوادامان تەڕدەست بە خەون و بە حەقیقەت

نەمامە نیگا ئەنێژی

(( ئاهی نێر گزێکی شەهید

گزنگێکی لە خاچ دراو

کڕوزانەوەی کەناری دوورگەی هەور و تەم و سێبەر))

بە دەستی پڕ لە گوڵەوە

بۆ ڕێڕەوی وون بوون ئەبرد

ئەز نشێت لە وێرانستانی

هەڵمە ئەرخەوانییەکانی خولیای پایز

بازگەی عەشق دا بخەم و،

چرکە سڕ بووەکانی زەمەن

بوەرێنمە نێو بێشەڵانی نامۆیی و،

ئۆقیانووسی هەشتەم کیشوەر!

تۆش...لەم زستانی تەنیاییە

هێور..هێور..

هەتا دوایین دڵۆپی دەریای تەماشا چاو بگێڕە

بازگەی عەشق داخستنی مەحاڵێکە

مەگەر بارانە ماچ داکا

مەگەر بەرەو نمایشی دوایین سەما

ڕەنگ هەڵبکا.

www.kurdistannet.org

............................عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

............................ئۆکتۆبەری2000

............................ڤانکۆڤەر/کەنەدا

تێبینی/لە ((ڕێگای کوردستان)) ەوە وەرگیراوە